لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان رۆڵی پۆزەتیڤانەی لە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی قەیرانی نێوان هەردوو لایەنی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق و یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەبینێت

هەر لەدوای دروست بوونی تەنگژەو قەیرانی نێوان هەردوو لایەنی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی فیدراڵ و یەکێتی تۆپی پێی عێراق.. لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە چڕکردۆتەوەو خەمخۆرانە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی گونجاو هەوڵی جیدییانەی داوە..هەر بۆئەم مەبەستە زەمینەی بۆ دروستکردنی دەرگای گفتوگۆی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەن لە کوردستاندا کردۆتەوە..لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بەهەوڵ و کۆششی خودی بەڕێزان مەلابەختیار سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و جێگرو تەواوی ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان کۆبوونەوەو پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ هەردوو لایەنی کێشەداردا کردووە بۆ ئەوەی بەستەڵەکی قەیرانی نێوانیان بتوێننەوە و کاربکەن بۆ دۆزینەوە رێگا چارەی گونجاو کە تیایدا قازانج و سوود بە وەرزشی تۆپی پێی هەرێمی کوردستان لەلایەک و هەروەها تۆپی پێی تەواوی عێراقی فیدراڵ تیادا بەرجەستە بێت و جارێکی دیکە یاریزانان و یانەو تیپە و هەڵبژاردەکانی عێراقی فیدراڵ بەشداری خۆیان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بنوێنن.... جێ باسە هەر لەدوای هەوڵ و کۆششەکان و نزیک بوونەوە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکە و رەزامەندی وەرگرتنی کەسانی تایبەتمەند بە وەرزشی عێراق لەهەردوولایەن، جارێکی دیکە کەسانی دوور لەم ئاقارە خۆیان خستەنێو چارەسەکردنەکەو خودی عەلی دەباغ بەناوی حکومەتەوە هەوڵەکانی پوچەڵ کردەوەو کێشەکەی گەڕاندەوە نێو چوار گۆشەی یەکەم، ڕاستیەکیش هەیە پێویستە هەموومان درکی پێ بکەین گەر کەسانی سیاسەتمەدارانی دوور لە وەرزش لەنێو ئەم بازنەیەدا بمێننەوە ئەوا حاڵی وەرزش بەتایبەتیش تۆپی پێ لەم تەنگژانەدا دەربازی نابێت.

لەدوای بەشداریە کاریگەرییەکەی شاندی کوردستان لە کۆبوونەوەی(N.F.Bord)لە پاریس

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دوو پیرۆزبایی نامەی پێ دەگات

لەدوای بەشداریە کاریگەرو ئەکتیڤەکەی شاندی کوردستان لەکۆبوونەوەی تۆپی پێی هەرێمە بێ وڵاتەکانی جیهان (N.F.Bord) لەپاریس هەروەها وەرگیرانی بەرێزان سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و دکتۆر سەرهەنگ عەبدولخالیق بەرپرسی پەیوەندییەکانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لە لیژنەی ڕاپەڕاندنی (N.F.Bord)، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دوو پیرۆزبایی نامەی لە لیژنەی وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان و بەرێز فەلاح مستەفا بەکر بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێ گەیشت کە پیرۆزبایی لە هەردوو ئەم بەرێزانە دەکەن و دەستخۆشی لە کارەسەرکەوتووەکانیان لە کۆبوونەوەی پاریسدا دەکەن ئەمەش وێنەی کۆپی کراوی دوو پیرۆزبایی نامەکەیە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com